www.kurdistannet.org
20-2-2007 19:20 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕەخنەش داشکاندنی هەیە. . . . !! بەختیار سەعید ---هەولێر



کی هەیە لە ئێمەو مانان گوێبیستی ئەو دیاردەیە نەبووبی، کە زۆر جار هەندێك لە سۆپەرمارکێتەکان و بازاڕگاو ئەو شوێنانەی کە کاڵاو شت و مەکی هەمەجۆری تیا دەفرۆشرێت، پاش ئەوەی ویژدانی زیندوویان دەمامکێکی پێوە دەکەن، تا سەر ئێسك خوێنی خەڵکی ڕەش و ڕووتی ئەم کوردستانە هەڵدەلووشن!! کوردی واتەنی قۆڵی خەڵکی لە بندا دەبڕنەوە، گیرفانی خەڵکی کون دەکەن!! ئەوسا لە کۆتایەکەیدا بە یەك لافیتەی گەورەی ڕەنگاو ڕەنگ دەنووسن: (مژدە مژدە لە سەدا پەنجا نرخی کاڵاو شت و مەکەکانمان داشکاند) لە بەرخاتری ویژدان و خوای گەورە!! تەماشاکەن چۆن ئەو مرۆ گەلە کەوتوونەتە گیانی ئینسانی کوردی بەش مەینەت و هەژار؟! مافی ئێمەشە بپرسین و بڵێن: ئەوە خێرە ئێوەش خواو ویژدانتان بیرکەوتۆتەوە!! کاتێ ئێمە نازانین نرخی سەرەتای کاڵاکان چەندە؟! ناو ناهێنم، بەڵام دۆستێکم بۆی گێرامەوە کە نرخ چاکەت و پانتۆڵێك لە سۆپەر مارکێتێکی ئەم هەولێرە لێی نووسرا بوو (350) دۆلار!! بەڵام هەمان چاکەت و پانتۆڵ لە بازاڕگای شەقامی باتە بە (150) دۆلار بووە!1 واتە (200) دۆلاری زیاد بووەو کەسیش نازانێت نرخی ئەسڵی چەندە؟! دوای داشکاندنی لەسەدا پەنجا بۆتە (175) دۆلار! هەمان دۆستم کە لە سۆپەرمارکێتەکە کاردەکات ووتی: نرخی ئەسڵی ئەو چاکەت و پانتۆڵە (100) دۆلارە!! توخوا ئەوە چ ویژدانێکە ئەو چاوچنۆك و موشەخۆرو خوێن مژانە بەربوونەتە گیرفانی خەڵکی!! پڕوپاگەندەش دەکەن کە داشکاندنیان کردووە!! لە هەمووی تاوانتر یەکێك لەو دەوڵەمەندانە لە جەژنی قورباندا (7) گای کردووە بەخێر و بۆ نەگبەتی زەکاتیشی دەرکردووە و هەمیشە لە مزگەوت ئەو مەخلوقە شەڕێتی لەسەر پێشەوە!! وادەزانێت ئەوەی لە پێشەوە نوێژ بکات زوو خوا لێی قبوڵی دەکات! ئاخر تۆیەکی بێویژدان و دەست بڕو درۆزن لەگەڵ خواو خەڵکیدا، دەتەوێت بچیتە ئەو بەهەشتەی کە خوا باسی کردووە!! بێخەم بن، ئێمەی ڕۆژنامەنووسان مرۆ گەلێکی لەو چەشتەی ئێوەمان هەس بە زیادەوە، ئەگەر بزانین خوا لەو هەموو تاوانانەی ئێوە خۆش دەبێت کە ڕۆژانە دەرهەق بە خەڵکی کوردستان دەیکەن؟! ئەوا ئەگەر بەداشکاندنی لە سەدا پەنجا ی ڕەخنەکانمان دەستەڵات و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسانیش لە ئێمە خۆش دەبن!! ئەوا لەسبەینێ وە مژدە بە بەرپرسان دەدەین ئێمەش ماستاو بکەین بۆیان پان بکەینەوە مجامەلەیان بکەین لەسەر مێزەکانیان نوکتە بگێڕینەوە ئافرەتیان پێ بناسێنین دژی خەڵکی هەولێر بە تەواو کارمەندەکانمانەوە ڕێپێوان بکەین و بڵێین: بەنزینمان ناوێت!! لام وایە هیچ جیاوازیەك بەدی ناکەم لە نێوان بازرگانە خوێن مژەکان وئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانەی ئەرك وپیشەیان دژایەتی مرۆگەلی کوردستانە و قەڵەمەکانیان هەر لە سەرەتاوە هەراج کردووە!!

Baxtyarsaed64@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.